چیرۆک

# سەگی سەر سنوور



سەلام مەنمی

(1)

چێشتەنگاوێک لە خەو هەستام و چاوەکانم هەڵگلۆفت، بەڵام هەتا بڵێی لەش بەبار بووم و بەر چاوم تەقیدەکرد، بە چاوی خەواڵوو تەماوییەوە بە (سالار)ی برامم وت:

–ئەمشەو لە خەوما وەک شێتی خولیاگەڕ بەدوای سنووری وڵاتەکەما دەگەڕام و لێمبوو بوو بە کۆڵی شێرو ملە جەڕێم لەگەڵ رۆژگاردا دەکرد، بۆ ئەوەی ئاوان ئاوەنیاو بەرەنیا کەم و لای خۆمەوە وتم: (کاتی ئەوە هاتووە شنەبای سنوور دەمامکت لە روو هەڵماڵێت سنووری وڵاتەکەت بناسیت و هەتا کەی چاوەڕوانی..؟ بڕۆ خەیاڵی تیژپەرت بخەرە گەڕو نان و توێشەبەرە ببەستە، بەرەو ئاواتت لە شەققەی باڵبدە، یان گاڵ دێنێ یان پەموو، ئەوەی سنووری وڵاتەکەی نەزانێ هەتیو چەو گەمژەیەو لە خانەدان بێئاگایە، هەقبوو زووتر بکەوتیتایەتە خۆت و ئاوملی ئەو مەبەستە بوویتایە، بەڵام وەک دەڵێن هەر ئاهێ لە ئاگاهێ– بە یەکجاری خۆت یەکچاو بکەرەوەو لەم گورێ گورێیە خۆت قوتارکە، هەر بە ئاواتی خۆتدەگەیت، وەک دەڵێن: کەس لە کردە نائومێد نابێ و هەموو دەردێک دەرمانی هەیە، گەوجی و کەمتەرخەمیی نەبێ.. هەر چەندیشت پێبچێ بۆ ئەمکارە هیچ نییە..). لە بارەی ئەم سەفەرەوە رەخنەو توانجیان زۆر تێگرتی: ئەڵێی سواری گای هاربوویت و سەری خۆت لا زیادە، بۆچی بە دەردی خۆتەوە دانانیشی..؟ کەی کەری ژێر ئەو بارەی..؟ بۆ سنوور هەردی بەسەر بەردییەوە ماوە..؟ یان لە خۆتەوە سەری بێدەلاک دەتاشی..؟ سنوور لای ئێوە دەنگی هەیەو رەنگی نییە، باس لە سنوور هەروا بە هەڕەمەکی و گەوجانە ناکرێ.. ئەوانەی لەملاولا بە سەرزارەکی باسی دەکەن وەک پێخوس و دیزەی چەورن و ئاو ناگرنە خۆیان و هەریەکە لە ئاشێ لێدەکات.. ئەو قسانەی بایەک بوون بە لای گوێما دەڕۆیشتن و ئەو رێگایەی گرتوومەتە بەر بەرینادەم، ئەگەر سنوورمان نییە بۆچی لە هەموو کۆڕو کۆمەڵێکا باس هەر باسی سنوورە، بۆتە نان و ئاوو رۆزی؟! ئەوانە با سیر بخۆن و زوڕنا لێدەن..

(2)

گڕناڵە بەردێکیان نیشاندام و وتیان: پشت ئەو گڕناڵە بەردە سنووری وڵاتەکەتە.. لە گڕناڵە بەردەکە نزیکبوومەوە لەمپەرەوە لەبن بەردێکی شلی پڵنگی گەورەدا دانیشتم.. دەورو پشتی بە دار بەڕوو دار قەرەقاچ و مازوو تەنرابوو، لە ناوەڕاستی بەردەکەدا شیعرو پەندو ئایەتەکانی ئاڤێستا هەڵکەنرابوون، گوندێکی جوان و خنجیلەیش کەوتبووە لای راستی گڕناڵە بەردەکەو ئەتووت باشترین ئەندازیاری تەلارسازی نەخشەی بۆ کێشاوە، لەمپەڕەوە چوومە ماڵێک، پیاوێکی رەشتاڵەی گالینجە لووتی سمێڵ هەڵپاچراو، هەڵپاچراوییەکەی بەرزو نزم ئەتووت زەلەوکەر قەپی لێگرتووە، لێپرسیم: برا وێڵی چیت؟

—سنووری وڵاتەکەم..

سەرێکی باداو زەردەخەنەیەکی سەیر کەوتە بان لێوی و دەنگی نەکرد..

—خاڵۆ وتیان ئێرە سەر سنوورە..

—ئێرەیان بە سنوور داناوە، بەڵام ئەوە قیاسی کەشکە لە مەشک، ئەوەتا ئەمدیو رەنگ و زمان و جلوبەرگ و دابونەرتیان یەکە، جگە لەوانەیش گشت ئامۆزاو خاڵۆزاو پورزاو خوشکەزای یەکن، بەڵام ئەوە سەیرە هاتوچۆیان قەدەغەیە، بزنێک یان مەڕێک قاچ بنێتە ئەمدیو یان ئەودیو تووشی نەخۆشی مافەتەو بەلەباقەی دەکەن.. ئەوە مرۆڤ هیچ ..هەر زوو نافەکی دەبڕن.. ئیتر سنووری چی دیارە دوای کڵاوی با بردوو کەوتوویت و ئەڵێی لە جەنگەڵستاندا گەورەبوویت و نێچیری داوی گەمژەییت و نغرۆی ناو زەلکاویت..

(3)

لەو خەوەدا رووەمکردە چیایەک پێیاندەوت (چیای دلۆڤان (لێرەدا ئەوەم بیرکەوتەوە کە لەسەر بەردە شڵە پڵنگییە گەورەکە شۆڕشی کوردۆ پاشای دلۆڤان هەڵکەنرابوو.. بەرەو لووتکەی ئەملای ئێشکگرەکە ملمنا، دوو چەکدار یەخەیانگرتم و یەکێکیان پێیووتم: بۆ کوێ دەچیت؟

—بۆ سنووری وڵاتم..

—ئێرە سنووری ئێوە نییە..

—ئەوە نییە زمان و جلوبەرگ و دابونەریتیان یەکن..

—مێشقە پێن ئەڵێم سنووری ئێوە نییە، ئەمەیە ئەڵێن نێرە بیدۆشە.. ئەوەی وت و بانگی گەماڵە بازەی کردو تێیبەردام و وتی:

—سنووری نیشاندە..

تێر هەڵیشێلام و شڕی لەبەر بڕیم ..پێیوتم:

—ئەوە ئەو سنوورەیە بەدوایدا دەگەڕێی بەدوای خۆتا بگەڕێرەوە هەتا کلکم با هەڵنەداوی و گەماڵە بۆریشم تێبەرنەداوی..

(4)

بە ملشۆڕی و شاقەل و قوونی دڕاوەوە بۆ گوندەکەم گەڕامەوە.. ناوچەوانم تێکنا، تووڕەو تۆسن، شڕم لەبەر بڕابوو، پەنیزەن و لاواز، سەگ کلکی لێدامایە دەکەوتم، نغرۆی ناو زەلکاوو غەریزەی کەرێتی بوو بووم.. لێیانپرسیم: دەنگ و باسی سنووری وڵات..؟

—جا سەگەلی سەر سنوور هێشتیان هیچم لێ حاڵی ببێ؟

—بەڵێ بۆ شاخ چوویت گوێت نایە بانی..